# یاسین بایخێلانی لە دیدارێکی تایبەتی ڕۆژنامەی جەماوەردا

ئامادەکردنی ئارام سدیق

*** سەرەتا دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ منداڵی. تۆ منداڵیت چۆن بووە، کاریگەری منداڵی لەسەر ئێستای تۆ و نووسینەکانت چییە؟**

- منداڵی من وەکو منداڵی هەموو کەسێکی تر پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک چەپاندن، هەروەها ئەتوانم بەخۆم بڵێم منداڵێکی زۆر عەجوول بووم و وزەیەکی زۆرم تێدا بوو کە بەدوای حەزەکانی خۆمدا وێڵ بووم. من حەزێکی زۆرم بۆ مەلەکردن هەبوو، بەڵام لە ماڵەوە نەیاندەهێشت بەهیچ جۆرێک مەلە بکەم، ئەمە ناچاری دەکردم بە دزی لە ماڵەوە بڕۆم بۆ مەلە کردن، کاتێکیش دەگەڕامەوە لێدانێکی زۆرم دەخوارد لەسەر مەلەکردن. ئەگەر ئەو شارەی منی تێدا گەورەبووم مەلەوانگەیەکی تێدابووایە ڕەنگە بمتوانیبا پەرەم بە بواری مەلەوانی بدایە و دوور نەبوو ئێستا مەلەوانێکی باش بووایەم (ڕەنگە واش نەبێت) هەروەها من سەرەتا لە خێزانێکی هەژاردا ژیاوم و خێزانی هەژاریش ئەوەیە کە ناتوانێت هەموو ئارەزووەکانی منداڵی تێر بکات، چونکە منداڵ لە ڕوویەکەوە کائینێکی پرسیارکەرە منیش وەک هەر منالێک پرسیاری سەیر سەیر بەمێشکما دەهات کە خێزانەکەم ئارەزووی وەڵامدانەوەیان نەبوو ڕاستە من منداڵ بووم، بەڵام مانای ئەوە نییە منداڵ ناتوانێت پرسیاری گەورە بکات، بۆیە دەتوانم بڵێم تا قۆناغی ناوەندیم تەواو کرد لە دەربەندیخان لە شەڕێکی گەورەدا بووم لەگەڵ باوکم. هەموو ژیانی من و باوکم شەڕ و لێدان و قاچاخبوونی من بووە لە ماڵەوە. وا هەست دەکەم لە منداڵیما شەوێکی ئارامم نەبووە، دەتوانم بڵێم وەک منداڵێکی هەتیو و بێناز گەورە بووم. لە منداڵیدا جۆرە هەستێکی دڕندەییم تێدا دروست بوو. ئێستا کەبیر دەکەمەوە دەڵێم سەیرە نەبوومەتە پیاوکوژ یا مرۆڤێکی بەدخو، بەو مانایەی زیانم بۆ سەر ژیانی خەڵک هەبێت.

ئێستا گەورە بووم و ساڵانێکی دوورو درێژە کوردستانم بە جێ هێشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم لە یادەوەرییەکانی منداڵیم دەربازبم، یادەوەریە سەیر و ناسکەکان، یادەوەرە شەڕانییەکان. ئێستا زۆر شەوان دەگەڕێمەوە بۆ ئاوی سیروان و ڕاوەماسی و بەردگرتنە قوتابخانە و شکاندنی پەنجەرەی ماڵان، زۆرجار ئەمانە پرسیارە لام بۆ من وابووم؟ بۆ منداڵێکی ئارام نەبووم؟ بۆ ئەو هێزە شەڕانییەم تیا دروست بوو بوو؟. ئێستا زۆرجار کە مامۆستاکانم دەمبینن دەڵێن بڕوامان نییە تۆ بوویت بەم مرۆڤە ئارامەی ئێستا. لەڕوویەکی ترەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم: هەموو ئینسانێک کە دێتە دونیاوە هێزی چاکە و خراپەی تێدایە، بەڵام چۆن خێزان لە ڕێگای پەروەردەیەکی تەندروستەوە بتوانێت هێزی خراپە بەتاڵ بکاتەوەوە لە منداڵدا هەتا هێزی چاکە بەسەریدا زاڵ بێت و سەربکەوێت. لای ئێمە بەپێچەوانەوەیە هێزی چاکە لە منداڵدا دەچەپێنرێت و گەشە بە هێزە شەڕخوازەکانی دەدرێت من ئەگەر لە ماڵەوە پێداویستییەکانم لەڕووی یاری منالانەو گەمەکردنەوە دابین بکرایە پێویستم بە دارلاستیک، قۆچەقانی و شەڕەکانی دەرەوە نەدەبوو تا لە کۆڵان بیانکەم بە پیشە. بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم هێزە شەڕە لە مندا گەورە دەبوو و کەسیش نەبوو دەستم بگرێت و پێم بڵێت: ئەم ڕێگای تۆ گرتوتە ڕێگایەکی هەڵەیە، تەنها ئەوە نەبێت بە لێدان دەیانویست ڕاستم بکەنەوە، واتە لای ئێمە بە هەڵە، هەڵەکان چارەسەر دەکەن.

ڕەنگە ئەمە تەنها منالی من نەبێت و زۆربەی منالانی کوردستان بەم شێوەیە پەروەردە کرابن، لەبەر ئەوەی منیش لە ناو خێزانێکی نەخوێندەواردا هاتوومەتە دونیاوەو ژیاوم، خێزانی ئێمەش تەنها منداڵ دروستکردنیان زانیوەو دەزانن و هیچ گرنگییەکیان بە پەروەردەکردن بە شێوەیەکی زانستی نەداوەو نەدەدا. بۆیە کاریگەرییەکانی ئەوەیە کە من بەردەوام دەگەڕێمەوە بۆ ئەو کۆڵانانەی تێیدا ژیاوم و شەڕم

تێدا کردووە و بۆ نووسینەکانم دەگەڕێمەوە سەری و لێیان دەکۆڵمەوە. کۆمەڵگەی ئێمە تاکەکانی زوو تووڕەو زوو توشی هەڵچوون دەبێت، ئەمەش هەمووی کاریگەری ژینگەی منداڵییە، بۆیە دەبێت منداڵ لەسەرەتای تەمەنییەوە گرنگی بە دانانی بونیادی کەسێتی بدرێت. من لە زۆربەی چیرۆکەکانمدا دەگەڕێمەوە بۆ منداڵی و حەزە چەپێنراوەکانی منداڵی و دنیا شەڕەنگێزەکانی منداڵی، ئەگەرچی من ئێستا دەتوانم هەڵەکانم راست بکەمەوە، چونکە من ژینگەم گۆڕاوە، بەڵام دەتوانم بڵێم: ڕێژەیەکی زۆر کەم ئاوەها وەکو من ئارام بێتەوەو بگۆڕێت، دەنا زیاتر بە لایەنە خراپەکەیدا دەڕوات. ئەگەر من لە تەمەنی لاویەوە لە ئەوروپا نەژیابام، ئەوا کەسێکی تر دەبووم.

*** دەتوانین بڵێین سەفەرکردنت بۆ ئەوروپا هەڵاتن بوو لەو چەپاندنە و تا چەند ئەو رۆحە شەڕەنگێزییەی باستکرد توانیت بیکوژیت؟**

-سەد لە سەد سەفەرکردنی من بۆ ئەوروپا هەڵاتن بوو لەو چەپاندنانە، لە ئەورووپا من هەڵوەشامەوە و دروست بوومەوە.

*** ئەوەندەی من ئاگاداری کارەکانی تۆبم کارکردنی تۆ لە سێ بواری (شیعر، چیرۆک، رەخنە)دا بووە، هەستناکەی ئەم پەرتبوونەی یاسین بەسەر سێ بواردا بۆتە هۆی ئەوەی لە هیچ کام لەو بوارانەدا کامڵ نەبیت؟**

- لەراستیدا حەزدەکەم ئەوە بزانی من ماوەیەکی زۆر کەمە دەستم داوەتە نوسین سەرەتا من ئیشی هونەرم دەکرد لە بواری وێنە کێشاندا، بەڵام کە چوومە دەرەوەی وڵات دەستم بە نوسین کرد، چونکە کاری نوسین ئاسانترە لە نیگارکێشان. بۆ نوسین تەنها قەڵەم و کاغەزت دەوێت، بەڵام لە نیگارکێشاندا پێویستت بە دونیای تایبەت هەیە، پێویستت بە بۆیە و چەندین کەرەستەی تر هەیە، هەروەها نووسین گۆڕەپانێکی فراوانترە لە هونەری نیگارکێشان، دەتوانم بڵێم ئەو شتەی جاران لە نیگارکێشاندا گوزارشتم لێدەکرد ئێستا لە نوسینێکدا دەری دەبڕم، ئێستاش کە دەستم بە نوسین کردووە، هێشتا نەمتوانیووە لە بوارێکدا خۆم بدۆزمەوە و بەردەوام لە گەڕاندام، وەکو کەشتییەک وام رووم لە چەند بەندەرێک کردووە، بەڵام نازانم دواجار لە چ بەندەرێکدا لەنگەر دەگرم، رەنگە سبەی لەسەر رەخنە بمێنمەوە، یان بچمە لای شیعر یان چیرۆک، تائێستا نازانم، بەڵام بەپێی ئەو دەوروبەرەی لەگەڵیاندا دانیشتووم و باسیان کردووە، رەنگە دواجار بچمەوە لای چیرۆک.

*** لە زۆرێک لە چیرۆکەکانتدا واقیعت بەرجەستە کردووە، ئەمە تاچەند رەنگدانەوەی ئەو ژینگەیەی منداڵی تۆیە بۆ هیچ گرنگییەکت بە فەنتازیا نەداوە، ئایا پێتوایە خوێنەری ئێمە پێویستی بە فەنتازیا نییە لێی تێناگات، بۆیە دەبێت بگەڕێینەوە سەر واقیع؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە دەمەوێت قسە لەسەر ئەوە بکەم، ئێمە چۆن لە فەنتازیا تێدەگەین؟ لە راستیدا هێشتا کۆمەڵگەی ئێمە نەگەیشتۆتە ئەوەی پێویستی بە فەنتازیا هەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، لەهەر کۆمەڵگایەکدا ئەفسانە دەسەڵات و ئامادەیی هەبوو، بۆ خۆی کۆمەڵگایەکە پڕ لە فانتازیایە، ئایا تۆ دەزانیت ئەفسانە ژیانی هەریەکێک لە ئێمەی بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین کردۆتە فانتازیا. کۆمەڵگەی ئەوروپی، ئێستا پێویستیان بە فەنتازیا هەیە، ئەوان هەموو واقیعەکەیان لەدەستداوە

دەیانەوێت لەڕێی فەنتازیاوە بگەڕێنەوە بۆ نێو واقیع. بۆیە ئەو نوسەرانەی کە زۆر ناسراون لە ئەوروپا، ئەو نوسەرانەن کە زۆر فەنتازی دەنوسن. شتیڤان کینگ یەکێکە لەو نوسەرانەی لە ساڵی 1970 بۆ 2005 واتە لە 25 ساڵدا 54 بەس ڕۆمانی نووسیوەو وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئەڵمانی جگە لە شیعر و بابەتی ئەدەبی تر و مناڵان، بۆ هەر کارێکی نوێی بە ملیۆنان دۆلار گرێبەستی لەگەڵدا دەکەن تا بۆی چاپ بکەن. زۆربەی گەنج کتێبەکانی دەخوێنێتەوە و ڕووداوەکانیشی زیاتر لە ئەفلام کارتۆن دەچێت کە ئەمە بۆ گەنجێگی ئەوروپی زۆر چێژبەخشە، بەڵام گەنجی ئێمە ئەو چێژەی لێنابینێت. با ئەوەشم بیر نەچێت زۆربەی هەرە زۆری ڕۆمانەکانی بە فیلم کراون، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە گوینتەرگراس کە زیاتر لە واقیعەوە نزیکە بە نیوەی ئەو بەرهەمەکانی نافرۆشرێت.

ئەوەی پەیوەندیشی بەنووسینەکانی منەوە هەیە، ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەوەی کار لە فەنتازیادا بکەین، چونکە ژیانی ئێمە یەکپارچە فەنتازیایە، ئەوەی من زیاتر لە چیرۆکەکانمدا گرنگی پێدەدەم دەروونناسی و لایەنە دەروونییەکانی ئینسانە. بۆنمونە لە چیرۆکی (مۆز)دا بۆچی ئەو مرۆڤە ناتوانێت مۆز بکڕێت، یان ئەو منداڵە بۆ لە چیرۆکی (لوقم)دا دزی دەکات، من دەمەوێت ئەو هۆکارانە بخەمە ڕوو کە لە پشت ئەم کارانەوەن. هەروەها دەمەوێت لە چیرۆکەکانمدا پردێک لەنێوان چیرۆکی کوردی- ئەورووپی دروست بکەم، واتە نەکوردی تەواو نە ئەوروپی لە نێوان هەردووکیان رامانێکە.

*** لە چیرۆکی (من و پیاوە رۆبۆتەکە)دا هێما بۆ ئەوە دەکەیت لە کلتوری ئێمەدا تاک دەکوژرێت دەبێت تاک هەمیشە لەگەڵ رای کۆدا بێت و خۆی خاوەنی را نییە؟**

- پرسیارەکە دووجۆر لە وەڵام هەڵدەگرێت، جۆرێک لە ئەوەی تۆ ناوی دەنێی تاکگەرایی و ئەوی تر کەناوی تاکبوونە. ئینسان کە تاک دەبێتەوە هەموو رۆحەکانی تیا دەکوژرێت. بۆ نمونە کۆمەڵگەی ئەوروپی کۆمەڵگەیەکی تاکە. ئەم تاک بوونە وای کردووە، کەسێک نەتوانێت لەگەڵ ئەوی تردا بژێت، وە لە هەمانکاتدا سیستەم توانیویەتی هەموو تاکێک بکاتە سەروەری خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە وا دەکات مرۆڤ لە ناو قسەکانی خۆیدا کە ناتوانێت بۆ کەسی بکات و کەس ئامادە نییە لە کاتی خۆی بە کەسێکی تر ببەخشیت بکوژێت. ڕاگرتنی سەگ و پشیلە لە ئەوروپا جۆرێکە لە ڕاکردن لەو تاکبوونە، بایەخدان بە گوڵ و درەخت لەناو ماڵەکاندا ئەگەر لە دەرەوەی حەزەوە پێناسەی بکەین گەڕانەوەیە بۆ هاوڕێتی سروشت و زیندووکردنەوەی ئەو پەیوەندییە. تاک لەوێ لەناو قەفەسێکدایە کە لەناویدا وشکبۆتەوە. بەهەموو مانایەک پەیوەندی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی بەکۆمەڵگاوە نەماوە، بەڵام بەپێچەوانەوە کۆمەڵگەی ئێمە کۆیە، ئێمە لەبەرئەوە ناتوانین بەتاک بژین، چونکە مرۆڤ لێرە وەکو زنجیرێک پێکەوە بەستراوە یەکتری تەواو دەکەن. کەس ناتوانێت لەم کۆمەڵگایەدا بە تەنیا بژی، چونکە لە کۆمەڵگایەکدا ژیاوە هەمیشە کۆ بووە، لەناو کۆمەڵگایەکدا ژیاوە باوک ئامادەیی هەبووە، تۆ ئالێرەوە تەماشای بکە کاتێک باوک دەمرێت بزانە چ وێرانەیەک ڕوودەدات لە خێزاندا، زۆر لە نوسەران باس لە کوشتنی باوک دەکەن، بەڵام ئەگەر باوک لە خێزانی کوردیدا بکوژرێت ئەوا پێویستە باوکێکی تر هەبێت ئیتر چ ناوێکی لێ دەنرێت ئەوە گرنگ نییە. لەو چیرۆکەدا ناوت هێنا (کە من نامەوێت قسەی لەسەر بکەم) چونکە قسەیەکی هێرمان هێسەم بیردێنێتەوە کە دەڵێت: (ئەو کەسەی پێی وایە دەتوانێت ناوەرێکی چیرۆکەکانی بۆ خەڵک بگێرێتەوە کەسێکی گێلە)، من نامەوێت بکەومە ئەو گێلێتیەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو چیرۆکە شەرێکە لەنێوان دوو کلتوردا، کلتورێک کەسێک بە تەنیا دەژی و هەموو تەمەنی تەنیاییە، (45) ساڵ لەگەڵ ئامێردا ژیاوە، کەسەکەی تر لەنێو

کلتورێکی جیاوازدا ژیاوە کە ئەوە دەبینێت ناتوانێت  ئیستیعابی بکات. ئەویتریش تاقەتی قسەکردنی زۆر و قەرەباڵغی نییە. هەردوولاشیان یەکتر بە هەڵە دەزانن، هەرلەوێدا کەسی دووەم کە دەبینێت کەسی یەکەم قسەدەکات و دەگری، زۆر سەیر دەبێت بەلایەوە بۆیە دەڵێت: وام دەزانی هیچ ئیحساسێکی نەماوە. دەبێت ئەوەش بڵێم: کە سیستمەکەی ئەوێ وای لە مرۆڤێک کردووە کە وا بێت، بۆ ئێستا نابێ قسە لەسەر ئەوە بکەین کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی تاک بێت؟. ناکرێت منداڵێک بخەینە ژورێکەوە لەگەڵ ئەتاری و تەلەفیزیۆن و.. هتدا گەورەبێت. ئەو مرۆڤە لە دواجاردا وشک دەبێتەوە و دەبێتە رۆبۆت، هەموو ئیحساسە ئینسانییەکانی لەدەست دەدات، بەڵام سەبارەت بەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خاوەنی دەنگی خۆی نییە، ئەمە پەیوەندی بە تاکبوونەوە نییە، ئێمە دەتوانین لە کۆمەڵگەی (کۆ) شدا بین و خاوەنی دەنگی خۆمان بین، ئایا سیاسەت رێگە دەدات خاوەنی دەنگی خۆمان بین، با پرسیارەکەمان ئاوها بکەین؟. دەبێت ئەوە بزانین و وەک ئەڵقەیەک لە گوێماندا بێت، کە سیاسەت هەمیشە لە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە تەماشای مەسەلەو دیاردەکان دەکات، سیاسەت لەبەرژەوەندی بێت ئازادی رەها بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ دەبەخشییێت، رەنگە بپرسیت ئەی بۆ ئەو ئازادییە نادات، بۆ لە دەنگی تاکەکانی ناو کۆمەڵ دەترسێت؟ لەوەڵامدا دەڵێم: دەسەڵات لای ئێمە پێنەگەشتووە، بەو مانایەی خەڵک خۆی بڕیار لەسەر چ جۆر و شێوەیەکی دەسەڵات بدات، ئەو حیزبانەی بەناوی دەسەڵاتی خەڵکەوە هاتوونەتە سەر حوکم بۆ خۆیان جۆرێکن لە دیکتاتۆریەت و رۆژگارێکی سەیر دروستی کردوون، هەر بۆیە تۆ لە هەر جێگایەکی جیهاندا شێوازێکت لەم جۆرە دەسەڵاتانە بینی، تێدەگەیت ئازادی تاکەکان لە چی ئاستێکدایە، لە ڕوویەکی ترەوە ئەم دەسەلاتانە بۆ ئەوەی خۆیان سەروەر بن، هەمیشە لە زیندووکردنەوەی نەریتە کۆنەکاندا، ئەمەش وا دەکات، تۆ ڕووبەڕووی دوو جۆرە یاسا بیتەوە، یاسای کۆمەڵایەتی و یاسای دەسەڵات، زۆرجار دەسەڵات یاسا دادەنێت، بەڵام کۆمەڵگە رێگەت پێنادات، با دەسەڵات بڵێت کوڕ و کچ ئازاد بێت، بەڵام ئایا کۆمەڵگە رێگە دەدات، ئایا من و تۆ ئامادەی ئەوە دەبین خوشکەکانمان لە پارکەکاندا لەگەڵ ئەو کوڕەی خۆشی دەوێت دەم بخەنە ناو دەمی یەکتری، ئەمە یاسا کۆمەڵایەتییەکانە، بۆیە باشتر وایە پێش ئەوەی ئێمە باس لە ئازادی تاک بکەین پێویستە یاسا کۆمەڵایەتییەکان هەڵوەشێنینەوەو نەریتە باوەکان بخەینە ژێر پرسیارەوە، کە دەسەڵات پشتگیرییان لێ دەکات.

*** لە چیرۆکی (کۆمەڵگەی نەخۆش)دا دەڵێیت ئەو منداڵەی لەم وڵاتەدا دێتە دنیاوە (پێموابێت مەبەستت کوردستانە) پێویستی بە چارەسەری دەروونی هەیە، تۆ پێتوایە تەواوی کێشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، بوونەتە هۆکارێک بۆ دروست نەبوونی کەسێتی کورد، یان دروستبوونی کەسێتیەکی لاواز، کە لە ئاست هەر پێشهاتێکدا دەڕوخێت؟**

من لە هیچ چیرۆکێکدا شوێنم دیاری نەکردووە هەمیشە خوێنەر ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ، خوێنەر بڕیار دەدات کەسایەتییەکان خەڵکی کوێن. لە کۆمەڵگەی نەخۆشدا پێموابێت زیاتر رووی دەمم لە خۆرئاوایە، لەبەرئەوەی ئەو دیاردەی نەخۆشی دەروونیەی کە لە ئەورووپا هەیە لێرەش هەیە، بەڵام ئایا لێرە بۆتە باو؟ بێگومان نا،

**بۆچی؟**

لەبەرئەوەی ئەگەر نەخۆشی دەروونی ببوایە بە باو ئەوا دەبوایەت چەند پزیشکی ددانمان هەیە ئەوەندەش پزیشکی دەروونیمان هەبوایە، ئایا لە شارێکی وەکو سلێمانیدا چەند پزیشکی دەروونی هەیە؟، بێگومان کەمە. لێرەوە دەبینین کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگایەکە هێشتا هەست ناکات نەخۆشە، لەوانەیە کۆمەڵگایەکی

نەخۆش بێت، بەڵام هەستی بەوە نەکردووە. لە ئەوروپا لەهەر کۆڵانێکەوە دەڕۆی تا پزیشکێکی ددان دەبینی دوو پزیشکی دەروونی دەبینیت، کەواتە کۆمەڵگایەکە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە نەخۆشی دەروونی لەناویاندا هەیە، لە کۆمەڵگەی رۆژئاوا ئەگەر بەکەسێک بڵێیت دەروونت نەخۆشە یەکسەر دەڕوات چارەی خۆی دەکات، بەڵام لای ئێمە بەکەسێک بڵێیت نەخۆشی دەروونیت هەیە رەنگە بتکوژێت. وەکو شوێن من ئاماژەم بە شوێن نەداوە، بەڵام لە هەر کوێیەک نەخۆشی دەروونی هەبێت مرۆڤ دەبێت خۆی هەستی پێبکات. ولیەم رایش دەڵێت؛ تەنها خۆت رزگارکەری خۆتیت کەس رزگارت ناکات.

*** شتێکی تر کە دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە بۆچی کورد تائێستا نەبۆتە خاوەنی شاکاری جیهانی نە لە شیعردا نەلە چیرۆکدا نە لە رۆماندا نە لە هیچ یەکێکی تر لە ژانرە ئەدەبییەکانی تردا تۆ پێت وایە هۆی ئەمە چییە. هۆی ئەوەیە کە رەخنەگرێکمان نییە تا شاکارێکی ئەدەبی جیهانیمان بۆ دروست بکات ئەو شاکارانەی کە هەمانە ئەگەر هەمانبێت من گومانم هەیە لە بوونی وەرنەگێڕاونەتە سەر زمانە جیهانیەکانی تر و خەڵکە جیهانیەکان بڵێین نەیانبینیووە، رات لەم بارەیەوە چییە؟**

- پرسیارێکی زۆر مەعقولە، هۆکار زۆرن بەڵام من کورتی دەکەمەوە بۆ دوو هۆکار، یەک تۆ کە کیانێکی سەربەخۆت نەبێت وەک دەوڵەت خاوەنی دام و دەزگایەکی سەربەخۆی چاپەمەنی نەبێت، یان راگەیاندن نەبیت یان رۆشنبیری نەبیت، ناتوانیت هەندێ کار هەیە بەئەنجامی بگەیەنیت، واتە قۆناغی کورد قۆناغێکی زۆر ئاڵۆزە، ئەگەر ئێمە قسە لەسەر کورد بکەین پێش هەموو شت نازانین باس لەسەر کام پارچەی کوردستان دەکەین، قسە لەسەر رۆشنبیری کورد دەکەین نازانین قسە لەسەر رۆشنبیریی کام لە پارچەکانی کوردستان دەکەین، ئەوەی ئێستا هەیە و نییە و ئێمە قسەی لەسەر دەکەین تەنها ئەم رۆشنبیریەیە کە لە واقیعی باشوری کوردستاندا قسەی لەسەر دەکەین، ئەمەش هەمووی چواردە ساڵێکە هەیە، ئەم چواردەساڵە بەڕاستی پەل و پۆیەکی زۆری هاویشتووە، واتە وەک پەلەقاژێیەک کراوە بۆئەوەی بتوانین ئێمەش دەنگی خۆمان هەبێت، بەڵام یەک خاڵی گرنگ کە من هەمیشە وتوومە یەکەمجاریش نییە و لەسەریشی قسەم ئەوەیە، کورد ئەتوانم بڵێم نەخۆشیەکی تیایە بەتایبەتی لە رۆشنبیراندا کە ناوە زانستییەکەی بە ئەڵمانی پێی دەڵێن: میندەرفێرتیگ کایتس گەفیولە (Minderwertigkeitsgefühle) واتە هەست بە کەمایەسی کردن، هەست بە کەمایەسی کردن لە کوێدا بۆ نمونە، من قەت حافزی شیرازی لە نالی بە گەورەتر نازانم، بەڵام فارسەکان دەبینین خۆیان وەریانگێڕاوەتە سەر زمانەکانی تر و بە خوێنەری ئەوروپایان ئاشنا کردووە، بەڵام ئێمە ئامادەین حافزی شیرازی بکەین بە کوردی، بەڵام ئامادەنین نالی بکەین بە زمانێکی تر، ئەم هەست بە کەمایەسی کردنە لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی ئێمەدا رەنگی داوەتەوە واتە ئەوەندەی ئێمە موعجیبی نوسەری بیانین ئەوەندە موعجیبی نوسەرەکانی خۆمان نین، ئەوەندە ئێمە رێز لە نوسەری بێگانە ئەگرین ئەوەندە رێز لە نوسەرەکانی خۆمان ناگرین، ئەمە وای کردووە نەتوانین دەنگی ئێمە بگاتە دەرەوە کەم تا زۆر هەندێ شیعر هەیە بۆ نمونە شیعری گۆران کراوە بە ئینگلیزی شیعری شێرکۆ بێکەس کراوە بە ئینگلیزی بەڵام ئەوانە لە ئاستێکدا نین کە بتوانیت بە خوێنەری ئەوروپی ئاشنا کەیت، من کتێبخانەی بەرلین کە گەورەترین کتێبخانەی تیایە هەمووی گەڕاوم هەرچی ئەفسانەی دنیا هەیە تیایەتی تەنها لەناو ئەو کتێبخانە گەورەدا نامیلکەیەکی بچوکم دیوە بەناوی ئەفسانەی کوردی کە ئەویش جەلیلی جەلیلی ئامادەی کردووە، واتە وەرە لەناو کتێبخانەیەکدا کە بەلایەنی کەمەوە دوو ملیۆن سەرچاوەی تیایە تۆ نەتوانی دوو کتێبی کوردی بەزمانێکی تر بدۆزیتەوە ئایا خەلەلەکە لە ئەوروپاوەیە یان لە پێشدا لەخۆمانەوەیە، پێش ئەوەی ئێمە رەخنە لە رۆژئاوا بگرین کە نایەڵێت پردی دیالۆگ لەگەڵ

ڕۆژهەڵاتدا دروست ببێت با ئێمە ڕەخنە لە خۆمان بگرین، کە خۆمان نابەینە پێشەوە خۆمانیان پێبناسێنین و پێیان بڵێین کاکە منیش خاوەنی کلتورێکی وام. با ئەوەشمان بیر نەچێت، ئەو سەرچاوانەی تا ئێستا لەسەر مێژووی کورد نوسراون و دەست دەکەون تۆ دەبینیت بە دەگمەن نوسەرەکانی کوردن!.

*** تۆ پێت وایە ئەم خەلەلە لە ڕۆشنبیرانەوەیە؟**

- ئەم خەلەلە بەدەرەجەی یەک بەڵێ، بڕوام پێ بکە من هەندێ نوسینی نوسەری تورک یان نوسەری فارس بە کوردی دەخوێنمەوە نەک بۆ من بگرە ئەگەر لە فارس و تورک خۆیان بپرسە هەر نایناسن، واتە کەسێکی وا نییە لەو ئاستەدا، بەڵام دێن لای ئێمە گەورەیان دەکەن واتە هەندێ شت هەیە لە ڕادەی خۆی گەورە دەکرێت، بەڵام ئەوانەی خۆمان ئەگەر گەورەش بن هەوڵ دەدەن هەمیشە بیانپلیشێننەوە و پانیان بکەنەوە، ئەوە یەکێکە لەو نیفاقە گەورە لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا هەیە، کە هەمیشە بەدوای ئەوەوەن پاشقول لە یەکتری بگرن ملی یەکتر بشکێنن، من بۆ خۆم دژی ئەوە نیم ئێمە ئاگامان لە ئەدەبیاتی گەلانی تر نەبێت، بۆ نا، با شاکارە جوان و بەرزەکان بە خوێنەری کورد ئاشنا بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زوڵم لە ڕۆشنبیرانی خۆمان بکەین، ئایا ئێمە شایانی ئەوە نین وەک ئەوان خاوەنی کاری بەرز و جوان بین!.

*** شتێکی تر ئەوەیە کە لێرەدا دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم ڕەخنەی کوردییە، واتە نەبوونی ڕەخنەیە تۆ پێت وایە ڕەخنەی کوردی بۆ نییە، یان ئەو کەسانەی کە ڕەخنە دەنوسن بۆ کەمن، تۆ پێت وایە ئەوەیە کە ڕۆشنبیری ئێمە تەمبەڵە تاقەتی ڕەخنە نوسینی نییە، چونکە بە حوکمی ئەوەی ڕەخنە باگراوندێکی سەقافی زۆری ئەوێت، بۆ نمونە من قسە لەسەر چیرۆکی تۆ بکەم پێویستم بۆ زۆر شت هەیە بۆ چیرۆکەکە، ئەنواع شت کە پێویست ناکات من لێرەدا تەفاسیلی بدەمێ، ئەگەر ڕەخنەی کوردی هەیە بەو مانایەی کە ڕەخنە بێت، لە کوێی هاوکێشەی ڕەخنەدایە، وە بڵێین ئەو ڕەخنەیەی کە بەمانای وشە ڕەخنەیە، یان بڵێین ڕەخنەی ئێمە لە کوێی ئەو هاوکێشەدایە؟**

- دڵنیابە کە ئەگەر من بڵێم هەرنییە بڕوام پێبکە، ئەگەر بەبەراورد بێت لەگەڵ ڕەخنەی جیهانی، بەڵام لێرەو لەوێ هەیە واتە هەوڵ هەیە، بەڵام ئەگەر من بەراوردی کەم بەئاستی ڕەخنە لە ئەڵمانیا یا بە ئاستی ڕەخنە لە فەڕەنسا بڕوابکە هێشتا لەدایک نەبووە، لەوانەیە کاتێکی زۆریشی بوێت.

*** من دەمەوێ ئەوەش بزانم ئەڵێن لە ئەڵمانیا ڕەخنەگر نوسەر دروست دەکات تۆ پێت وایە لای ئێمە بۆیە نەبوونەتە نوسەر یان نوسەرێکی دیارمان نییە هۆی نەبوونی ڕەخنەیە بۆیە دەتوانین بڵێین لە ئاستی خۆماندا شاکارن، بەڵام بە خوێنەر نەناسراو ئەمەش هۆی تەمبەڵی ڕەخنەگرە؟**

- با پێش هەموو شتێک قسە لەسەر شتێ بکەم لای ئێمە وتەیەکی کلاسیکی کۆن هەیە کە دەڵێت: ڕەخنەی دروستکەر و ڕەخنەی ڕوخێنەر هەیە، من خۆم قەت قەناعەتم بەمە نییە، ڕەخنە هەر ڕوخێنەرە، ئەگەر ڕوخێنەر نەبێت ڕەخنە نییە، بەڵام تۆ چۆن ئەڕوخێنیت، تۆ بینایەک کە ئەڕوخێنیت بۆئەوەی لەسەر ئەساسەکەی بینایەکی نوێ دروست بکەیت، بەڵام بینایەکیش لە بنەوە هەڵی ئەتەکێنیت بۆئەوەی هیچ شتێکی تری لەسەر دروست نەکرێتەوە، ئەم دوو جۆر ڕووخانە هەیە، لای ئێمە تا ئێستا کە ناونراوە ڕەخنە هەندێکی زۆری ماستاو ساردکردنەوەیە، کە ئەمە حزبەکان لێی بەرپرسیارن بە دەرەجەی یەک، هەندێ

ڕەخنەی تر هەیە کە ئەتوانم بڵێم، حەقدێکی گەورە لە پشتیەوەیەتی واتە لە ئاستێکی وادا نییە. تۆ ڕەخنە لە کەسێک دەگریت بۆئەوەی جارێکی تر دروستی بکەیت، وەبا ئێمە ڕەخنەش بگرین، ئایا نوسەری ئێمە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ڕەخنە قبوڵ بکات. ڕەخنە گرتن لۆژیکی خۆی هەیە، وەک خۆت گوتت پاشخانێکی رۆشنبیریی گەورەی دەوێت، ئایا ئێمە تا ئێستا خاوەنی ئەو پاشخانە ڕۆناکبیرییەین؟ ئەگەر ئا بۆ لۆژیکی ڕەخنە لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا ئامادەیی کەمە؟. تۆ برۆ ناو کتێبخانەی کوردی سەرەو ژور بکە بزانە چەند کتێبی ڕەخنەی ئەدەبی دەدۆزیتەوە. چەند بابەتی جیددی ڕەخنە دەدۆزیتەوە. من وەک گوتم ڕەنگە کاری بەرز و جوان هەبن شایانی ئەوە بن خوێندنەوەو کاری جیدیان لەسەر بکرێت، بەڵام بۆ ناکرێت، کەچی کاتێک خاوەن بەرهەمەکان دەمرن، ئیتر دەبینیت دەزگایەک بۆ ئەوەی بیکات بە موڵکی خۆی دەیکات بە رۆژی ئاشورا.

سەبارەت بەوەش ڕەخنەگر نوسەر دروست دەکات، ئەوە ڕاستە لە خۆرئاوا ڕەخنەگر نوسەر تێک دەشکێنیت بۆ ئەوەی سەرلە نوێ خۆی دروست بکاتەوە، ئەڵبەتە دەڵێم: نوسەر تێک دەشکێنێت مەبەستم ئەوە نییە ڕەخنەگر لە خودی کەسایەتی نوسەرەوە دەست بە ڕەخنە دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ناوو ناوەڕۆکی دەقەکانەوە بۆ تێگەیشتن و بیرکردنەوەی نوسەر دەچێت و سەر لەبەری بیرکردنەوەکانی نوسەر بۆ خوێنەر شیدەکاتەوە، ئەوەش بزانە ڕەخنەگری ئەورووپی کینەوپۆخڵی دەروونی خۆی بەسەر سەری نوسەردا نارێژێت وەک لای خۆمان باوە، بۆیە نوسەر لە ڕۆژئاوا ئاسانترو کراوەتر دەتوانێت پردی دیالۆگ لەگەڵ ڕەخنەگردا دروست بکات، نەک یەکسەر ببێتە دوژمنی و بە شێوەیەکی ناشیرین پەلاماری بدات.

*** تۆ کاتێک ڕەخنەت لە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)ی (بەختیار عەلی) گرت، ئەو بەنامەیەکی جنێو ئامێز وەڵامی دایتەوە تۆ پێت وایە چی لەپشت قبوڵ نەکردنی ئەو ڕەخنەیەوە هەیە، لای نوسەرانی ئێمە بە گشتی و بەختیار عەلی بەتایبەتی لە بەرامبەر ڕەخنەیەکدا، ئەو کۆمەڵێک جنێو بدات، ئایا ئەمە پێشینەیەکی کۆمەڵایەتی درێژی هەیە، یان چیتر؟**

- سەبارەت بەو ڕەخنەیەی من لە کاک بەختیارم گرتووە ئەگەر هەرکەسێک بیبینێت و بیخوێنێتەوە، لەوە تێ دەگات، کە ئەو ڕەخنەیەی لێم گرتووە ئەوە ڕەخنەیەکی زمانەوانییە و هیچی تر، زمانی کوردی زۆر لاوازە، زمانی کوردی چەند ساڵە هەوڵی لەناوبردنی دراوە، کەواتە ئێمە تا ئێستا خاوەنی زمانێکی ستاندارد نین. ئەو زمانەی ئێستا هەمانە و پێی دەوترێت زمانی ئەدەبی و پێی دەنوسرێت، ئەو زمانەیە کە لە دوای بابانەکانەوە هاتووە و لە سلێمانی پێیدەنوسرێت، وەهەر ئەو زمانەیە تا ئێستا لە قوتابخانەکان خوێندوومانە وە ئێستا لە زانکۆکانیشدا لە کۆلێژی ئاداب بەشی زمانەوانی دەخوێنرێت، کەواتە ئێمە تا رادەیەک بناغەیەکی زانستیمان بۆ زمان هەیە و ئەگەر هەر سەیری کۆلێژی ئاداب بەشی زمانەوانی لە هەردوو زانکۆی سەلاحەدین و سلێمانیدا بکەیت دەبینیت چەندین دکتۆرمان هەیە، خۆ ئەم دکتۆرانە لە خۆیانەوە نەهاتوون، کەواتە تۆ ئەگەرچی لە ئاستی نیشتیمانێکی گەورەدا خاوەنی زمانێکی یەکگرتوو نیت، بەڵام لە پارچەیەکی ئەو نیشتیمانەدا زمانێکی یەکگرتووت هەیە و چەندین ساڵە پێی دەخوێنرێت و پێی دەنووسرێت، ئەوەش بزانە ئێستا ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەهەمان میتۆد کار دەکەن. بەڵام ئەوە سەیرە کەسێک لە شاری سلێمانیدا گەورە بووە و بەو زمانە خوێندوویەتی و گۆش بووە، کەچی کاتێک دەنوسێت، زمانەکەی ئەوەندە لاوازە، مەگەر کەسێک تازە بە تازە فێری کوردی بووبێت، بەو شێوە شێواوە بنوسێت.

کاک بەختیار عەلی زمانەکەی ئەوەندە ویرانە مەگەر هەر کەس لەو ویرانییەدا بژی لیی تیبگات، زمانیک هیچ بناغەیەکی ڕیزمانی تیدا نییە، من مافی خۆمە رەخنە بگرم و قسە لە ویرانییەکانی نوسەر لە نوسیندا بکەم، ئەگەر چی دەبوایە پیش من ئەو کەسانەی کە شارەزان و مامۆستان لە زماندا رەخنەیان لێ بگرتایەت، ئەمەش رەخنەیەکی گەورەیە لە ئەو پسپۆرو زمانزانانەی لە زانکۆکاندا وانەی زمان و ئەدەبی کوردی دەلێنەوەو رەخنەی وا گەورە لەژێر دەستیاندا تیدەپەڕیت، ئەمەش ئەوەمان بیر دەخاتەوە، کە ئیمە شتەکانمان لە جیی خۆیدا نییە واتە شتیک هەیە پیی دەلێین لە جیگە دانان واتە ئەم شتە لیرەدایە بیخەرە ئیرە لە کۆمەلگەی ئیمەدا پیش هەموو شتیک پیویستت بە دیفراگمینتیرن (**Defragmentieren**) ی پیدەلێین لە عەقلی زانستیدا هەیە. واتە هەموو شتیک لە جیگای خۆ دانان، بۆ نمونە: شتەکانی مەتبەخ دەچیتە مەتبەخ کتیب دەچیتە کتیبخانە واتە هەموو شتەکان جیگەی شیاوی خۆیان دەبیت، کاتیکیش هەر شتەو شوینی شیاوی خۆی بوو، ئەوا هەر شتەو لە شوینی خۆیدا بە تەنها ڕۆلی خۆی یاری دەکات و بەم شیوە کارەکان بە ڕیک و پیکی دەڕوات. من لەبری ئەوەی سەرقالی کاری خۆم بوایەم و لە کاتی خۆم بۆ بابەتیکی وا نەگرتایەت، رەنگە دەقیکی ترم بنوسیبا، بەلام دەبینیت مامۆستاکانی زانکۆ بیدەنگن و سەرقالی ماستاو ساردکرنەوەن بۆ ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرس، ناچاریت لە ژینگەیەکی وادا بییتە دەنگ. دلنیاشم ئەو بیدەنگییەی ئەوان ئەوەندەی پەیوەندی بە دەسەلاتەوە هەیە پەیوەندی بە بیٚ ئاگاییانەوە لەو کارانەی کاک بەختیار نییە، چونکە دەسەلات لە پشتەوەیەتی، لای ئیمە دەسەلات هەموو شتیکی شیواندووە، هەموو شتەکان لە ناو منالدانی دەسەلاتەوە دیتە دەرەوە، دەسەلات بڕیار دەدات کە ئەمە شتیکی باشە یا شتیکی خراپە، دەسەلات بڕیار دەدات کە ئەمە نوسەریکی باشە یا نوسەریکی خراپە، بەلام کاک بەختیار ئەو وەلامەی منی دایەوە من یەکەمجار زۆر بە ئاسایی وەرمگرت و وەتەسەوریشم بۆ کاک بەختیار و هاوریکانی کاک بەختیاریش ئەوەیە کە ئەوانیش خەریکن وەک دەسەلاتی کوردی نەک خەریکن، بەلکو تەقریبەن رۆلی کاریزمایەک دەبینن یان رۆلی خواوەندیک لەناو رۆشنیریی کوردیدا دەبینن، لە زۆر جیگەو لەزۆر ریگەوە، لە ریگەی میدیاوە لەڕیگەی ئیعلامی حیزبەکانەوە بەشیوەیەکی وا تەقدیس کراون، بەهیچ شیوەیەک بۆت نییە تۆ قسە لەسەر خالە لاوازەکانی ئەمانە بکەی، ئەمانە کاریزمایەکن ئەمانە خوداوەندیکی ناو رۆشنبیریی کوردین ئەمانە شایەنی رەخنە نین، ئەمانە زۆر لە رەخنە بەرزو گەورەترن، ئەمانە تەنها دەبیت بە شان و بال و شکۆمەندییاندا هەلبدەیت، ئەمانە دەبیت زۆر بە ستایشەوە لەگەلیاندا بدوییت، ئەمانەو چەندین هۆی تر توشی لوتبەرزی کردوون کەوا هەرکەسیک رەخنەیان لیبگریت پەلاماری بدەن و جنیوی پیبدەن و پیی بلێن نەخویندەوارە، زبل نووسە، بیٚ ئاگایە، پیی بلێن زبل ئەخوینیتەوە، ئەتوانم بلێم کە هەر ئەو لوتبەرزییەیە، هەر ئەو جۆرە عەقلیەتە خیلەکییەی ئەوانە لەناو گروپیکدا فۆرمولەی کردوون و ئیستا وەکو پۆلیسیک لەناو رۆشنبیری کوردیدا ئیش و حوکمی پیدەکەن.

*** رەخنەگریکی ئەلمانی لە پیشانگایەکدا رۆمانیکی گۆنتەر گراسی دڕاند وتی ئەمە هەر رۆمان نییە گۆنتەر گراس لەبەرامبەر ئەوەدا وتی؛ من ئیتر قسە لەگەل تۆدا ناکەم، بەلام جنیوی پینەدا ئەگەر ئیمە ئەوە بەراورد بکەین بە خۆمان ئەگەر یەکیک لای ئیمە رۆمانی نوسەریک بدڕینێ لە پیشانگایەکدا پیتوایە چی بەرامبەر دەکریٚ، یان کاردانەوەکان بۆ لەویٚ ئاوهایە و لیرە ئاوهایە لەڕووی سۆسیۆسایکۆلۆژییەوە ئەوم پیبلیٚ؟**

- من بڕوام نییە کەسیک جورئەتی ئەوەی هەبیت رۆمانی کەس لە پیشانگایەکدا بدڕینێ. هیچ کەسیک ئەو ریگە بە خۆی نادات و ناتوانیت کاریکی وا بکات، ئەگەر کاریکی واش بکات ئەبیت بزانیت هۆکاری

کردنەکەی چییە؟ ئایا بە تەنها بۆ شکاندنە؟ بۆ رەزیل کردن و سوککردنی نوسەرە؟ پێموایە کەسێکی ئەڵمانی زۆر جیاوازترە لەوەی وەک کەسێکی کورد بیر بکاتەوە، من نازانم ئەو کەسە کێ بووەو لەو باسە ئاگادار نیم و نازانم کام رۆمانی گراس ی دڕاندووە، راستی چونکە گوینتەرگراس رەخنەی زۆر لە نازییەت و دەسەڵاتی ئەڵمانی دەگرێت و رەخنەیەکی زۆری لەسەر عەسکەرتاریەتی ئەڵمانیا هەیە، دوژمن و ناحەزی زۆرن. هەموو رۆمانەکانی گراس لەناو ئاگری شەڕەکاندا باڵ دەگرن، دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمانەی ئەو مناڵ یا هەرزەکار بووەو ئاگری جەنگ وولات و نیشتیمان و ماڵەکەی گرتۆتەوە. گۆنتەرگراس یان هەر نوسەرێکی ئەڵمانی قەت جنێو نادەن. هەرکەسێکیش کە رەخنەی توندی لێبگرێت تا ئەو جێگەیەی بتوانێت وەڵامی دەداتەوە بەشێوەیەکی زانستی یا بە شێوەیەکی ئەکادیمی، لەوانەیە توندڕەویشی تیا بێت زۆر جار، بەڵام ناگاتە ئاستی جنێوی بازاڕی وەک ئەوەی کاک بەختیار بە منی داوە، ئەگەر کاک بەختیار نوسینێک یا رەخنەیەکی وای لەسەر چیرۆکێکی من بنوسیایە، من پێش هەموو کەسێک سوپاس و دەستخۆشیم لێ ئەکرد نەک پەلامارو جنێوی پێبدەم.

*** ئەگەر لە بەختیار دوور نەکەوینەوە تۆ بەدەر لەو رەخنەیەی لە سەر بەختیار نوسیوتە هیچی ترت هەیە لەگەڵ بەختیاردا وەک و شتی شەخسی؟**

- نا بە پێچەوانەوە لەگەڵ کاک بەختیاردا هیچ شتێکی شەخسیم نییەو من خۆم تەلەفۆنم بۆ کاک بەختیار کرد و داوای کتێبەکانم کرد و داوای گۆڤاری رەهەندم لێکرد و من زۆر سوپاسی دەکەم کە بە پۆست بۆی ناردم، ئەو یەکێک بوو لەو کەسانەی کە حەزمدەکرد شتەکانی بخوێنمەوە، وە شتەکانی کاک مەریوان دەخوێنمەوە شتەکانی کاک رێبین دەخوێنمەوە هیچ شتێکی شەخسیم لەگەڵ کەسیاندا نییە، بەڵام ئەگەر وەکو رەخنە بڵێیت، من لە رۆمانەکانی رەخنەم زۆرە، تەنها من لە رۆمانێکدا لایەنی زمانەوانیم گرتووە. ئەوە بوو ئەو هێرشەی کردە سەرم و ئەوەبوو دوایش ئەوان کۆمەڵێک بوختانیان کرد، قسە هەڵئەبەستن و قسەی دروستکراو دەکەن، ئەگەر بەو لوتبەرزییەی خۆیانەوە بوختانیان نەکردایەت، ئەوا جارێکی تر نامەکەشم بڵاونەدەکردەوە و هەر سەرم ئەنایەوە و لام ئەبرد، با ئەوەش بزانیت من یەکەم کەس نیم کە رەخنەم لە کاک بەختیار گرتووە. پێش منیش کاک حەمە فریق حەسەن رەخنەی لەسەر مەرگی تاقانەی دووەم گرتووە. بەختیار بە هەمان شێوە وەڵامی داوەتەوە، واتە زۆر بێ ئەدەبانەش وەڵامی کاک حەمە فەریق حەسەنی داوەتەوە.

*** تۆ ئەو کاتەی رەخنەت لەسەر مەرگی تاقانەی دووەم نوسی کە ئەمە لەڕووی زمانەوانیەوە زمانێکی تەواو نییە و پاراو نییە، تۆ پێت وایە هەموو ئەو بەرهەمانەی کاک بەختیار عەلی بەهەمان ئەو قەیرانەی زمانەوانیدا تێئەپەڕن؟**

- هەموو کێشەکەی من و کاک بەختیار لەسەر ئەوە بوو کە من وتبووم زمانەکەت وێرانە، وە من بۆشم سەلماند کە وێرانە و ئێستاش بۆی ئەسەلمێنم کە وێرانە و لەسەر دواهەمین هەناری دونیای شتێکم نوسیووە کە پەیوەندی بەهەمان شەڕەوە بوو لە نێوانماندا. یەکەم: لە یەک لاپەڕەی ئەو ڕۆمانەدا من وابزانم نۆ هەڵەی زمانەوانیم دەرکردووە، لە یەک لاپەرە لە رۆمانێکی سێێەد لاپەڕەییدا!، کاک بەختیار بە زمانێکی زۆر خراپ دەنوسێت وە زمانی کوردی ئەتوانم بڵێم نازانێت، لە ڕوویەکی ترەوە هەر خوێنەرێکی وریا بەرهەمەکانی کاک بەختیار بیخوێنێتەوە ئەزانێت کە کاک بەختیار بە زمانێکی تر ئەخوێنێتەوە بەڵام بە

زمانی کوردی ئەنوسێت، واتە نوسینی کاک بەختیار لەگەڵ بیرکردنەوەی کاک بەختیار یەکناگرێتەوە، ئەتوانم بڵێم پاشخانی ڕۆشنبیریی کاک بەختیار عەرەبییە لەبەرئەوەی هەر کە ئەیخوێنیتەوە ئەزانیت کە ئەمە بیرکردنەوەیەکی عەرەبییە، بەڵام بە زمانی کوردی نوسراوە. دووەم: ئەگەر کاک بەختیار نوسەرێکی ئەوەندە گەورەیە، چۆن هەڵەی وا گەورە لە زمانەکەی خۆیدا دەکات، نوسەری گەورە لە هەموو جیهاندا پێش هەموو شتێک داهێنەری زمانە. تۆ برۆ ژیانی گەورە نووسەرانەوە، پێش داهێنان لە بەرهەمەکانیان باس لە داهێنانی زمانەکەیان دەکەن، با کاک بەختیار لە ئەڵمانیایەو بە حیساب ئەڵمانییەکەی باشە تەنها یەک ئاوڕ لە گویتە (Goethe) بداتەوە، گویتە جگە لەبەرهەمە جوان و بەرزەکانی، کە بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراون، داهێنانێکی گەورەی لە زمانی ئەڵمانیدا کردووە، تا ئەو ڕادەیەی گەورەترین ئینستوتیت (Institut)ی زمان بە ناوی ئەوەوەیە. بۆیە من پێم وایە نوسەری گەورە خاوەنی زمانێکی گەورەیە. شێرکۆ بێکەس داهێنان لە زمانەکەیدا زۆر بەرزترە لە داهێنان لە شیعرەکانیدا.

**⁕ ماوەیەکە دەوترێت کە بەختیار عەلی ڕۆمانەکانی دزین (کە من پێم باش نییە ئەم زاراوەیە بەکار بهێنم)، وەکو ڕۆشنبیرێک چ سەرنجێکت هەیە لەم بارەیەوە، تۆ چی ئەزانیت لەم گەمەیە؟**

- ڕاستیەکەی ئەوەیە کە کاک بەختیار یەکەم کەس نییە کە پێی بڵێن ڕۆمانی دزیووە یان کارێکی ئەدەبی دزیوە، پێشتر نوسەرە کلاسیکیەکان، نوسەرە کۆنەکان کە ئێستاش وەک پۆلیس لە دەزگا ڕۆشنبیرییەکاندا ئیش ئەکەن، هیچ شتێکی تازەیان نەکردووە ئەو دزیانەیان لە زمانەکانی ترەوە کردووە ، بەڵام کاتی خۆی خوێنەرێکی وریامان نەبوو، خەڵکی نەیتوانیوە سەرچاوەکانی دەست بکەوێت، کە ئەمانە لە کوێوە دزراون، ئەوە چەند نوسەرێکن کە ئێستا پێویست ناکات لێرەدا ناویان بهێنین دەسەکانیان کەشف کرا و ئیتر کڕ کەوتنەوە و لە نوسینیش چوونەوە، ئێستا کاک بەختیاریش من ناتوانم بڵێم سەد لە سەد ئەمەی لەوە دزیوە، بەڵام کاک بەختیار خۆی ناوی دەنێ لەژێر کارتێکردندا، بەڵام کارتێکردنیش ئەتوانم بڵێم جۆرێکە لە دزی، جۆرێک نییە لە داهێنان، من ئەگەر ڕۆمانێک بنوسم لەژێر کاریگەری مارکیزدا واتە ڕۆمانەکەی ئەو بەجۆرێکی تر بنوسمەوە، ئەمەش بۆخۆی جۆرێکە لە دزی. من ئەو نوسینەی کاک شەهرامی قەوامیم خوێندەوە، کە دەڵێت ئێوارەی پەروانەی کاک بەختیار لە ڕۆمانی (سالی بەلوا)ی عەباسی مەعروفی کە ئێستە تەرجومەکراوە بۆ ساڵی ئاشوب وەرگیراوە، ئەگەر چی ئێستا گومانی ئەوەش هەیە کە ئەم ساڵی ئاشوبەی موحەمەد کەریم وەریگێڕاوە ئەو ساڵی بەلوایە نییە کە شەهرام قسەی لەسەر کردووە، واتە شتێکی تر تەرجومە کراوە.

**⁕ تۆ پێت وایە ئەو لێکچوونانەی نێوان دەقەکانی کاک بەختیارعەلی لەگەڵ دەقە جیهانییەکاندا لێکچوونی نائاگاییە یا ئاگاییە یان دزییە؟**

- من سەدا سەد ئەزانم ئاگاییە، کاک بەختیار کەسێکی بێئاگا نییە وە کەسێک نییە ڕۆشنبیریی نەبێت وە من قەت نکۆڵیم لەوە نییە کە ڕۆشنبیر نەبێت وە خوێنەرێکی باشیشە، بەئاگایە و زۆر وریایە و زۆر بە ئاگاییشەوە ئەنوسێت.

**⁕ بیستومە بەدەر لە ئێوارەی پەروانە گوایە دواهەمین هەناری دونیاشی لە ڕۆمانێکی ڕۆماننوسێکی ئەڵمانییەوە وەرگرتووە؟**

ڕۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا" ئەتوانم پێت بڵێم لە ڕۆمانێکی نووسەری نەمساوی شتێفان تسڤایگ (stephan zweig) بە ناوی نۆڤێلی شەترەنج (die Schachnovelle) وەری گرتووە ناڵێم دزیویەتی، بەڵام کارتێکردنی زۆر لەسەرە وە بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەگەر هەر خوێنەرێکی وریا بیخوێنێتەوە ئەزانێت ئەم ڕۆمانە لەکوێوە هاتووە، تسڤایگ لەساڵی 1941 ئەو ڕۆمانەی نوسی لە 1942 خۆی کوشت، من ئەم باسە هەڵدەگرم بۆ کات و ڕۆژی خۆی، چونکە ئەدەبی ئێمە لەبەر ئەوەی نوێیە ئەم ڕووداوانەی زۆر تیا دووبارە ئەبێتەوە، بۆیە بەڕای من دەبێت بە چاوێکی تر سەیری بکەین. تۆ تەماشا ئەو شیعرەی گۆران (گوڵی خوێناوی) کە چەند دەقێکی جوانە، لە پەخشانێکی ئۆسکار وایلد وەریگرتوە بەناوی (بولبول و گوڵەباخ Die Nachtigall und die Rose) ئەوەی گۆران شیعرە ئەوەی ئەو پەخشانە، بەڵام هەرکەسێک بیخوێنێتەوە ئەزانێت لە سەدا سەد ئەمە لەوێوە وەرگیراوە، بەڵام تۆ ناتوانیت پێم بڵێیت، کە گۆران ئاگای لە وایلد نەبووە، چونکە هەندێ لە پەخشانەکانی وەک شازادەی بەختیار (Der glückliche Prinz)ی ئەوی کردووە بەکوردی، بەڵام بۆ بولبول و گوڵەباخەکەی وەرنەگێڕاوە؟.

*** ئەی سەبارەت بە دوا ڕۆمانی بەختیار عەلی چی لەبارەوە دەزانیت ئەوەی ئێستا لەژێر چاپدایە؟**

ئاگام لێی نییە، تەنها شتێکی کورتم لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا خوێندەوە کە بە بڕی (100000) دۆلار گرێبەستێک کراوە لەگەڵ چاپخانەی ڕەنجدا کە (10000) دانەی لێ چاپ دەکرێت هەردانەی بە (10) دۆلار دەفرۆشرێت و لە سەدا پانزەی ئەو پارەیە بۆ کاک بەختیارە، ئەگەر چی ئەمە کارێکی باشە لە کوردستانیش ببێتە نەریت بۆ یارمەتیدانی نوسەران، بەڵام ئەمەش نیاز پاکی تێدا نابینم، لەبەر ئەوەی چاپخانەی ڕەنجیش نیشانەیەکی پرسیاری لەسەرەو بەشێکە لەگەمەی نێوان گروپی ڕەهەند و دەسەڵات. سەبارەت بە زانیاری زیاتر لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکە ئاگام لێی نییە و منیش وەک هەر خوێنەرێک کاتێک کەوتە بازاڕەوە حەز دەکەم دانەیەکم دەست بکەوێت و بیخوێنمەوە.

*** یەکێک لە دیاردە نوێیەکان لە نێو ڕۆشنبیری کوردیدا بوونی گروپی ڕۆشنبیرین و تا ڕادەیەک ئەم گروپانە خۆیان بە خاوەنی ڕای موتڵەق دەزانن، پێتوایە لە ئەمڕۆدا شتێک بە ناوی ڕای موتڵەق باوی مابێ؟**

- پێش هەموو شتێک دەبێت قسە لەسەر گروپگەرایی بکەین. گروپگەرایی بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان دەربکەوێت عەقڵیەتێکی خێڵەکی لەپشتەوەیە، وابزانم من پێشتریش بە کورتی ئاماژەم بۆ کرد.
ئەگەر گروپی ڕەهەند وەکو نمونە وەربگرین دەبینین ئەوانیش لەو بازنەیەدا دەخولێنەوە و بە هەموویان بازنەیەکیان دروستکردووە لە نێوان خۆیاندا و ئەم بازنە تەنها لەسەر ستایشکردنی یەکتر ورووپامایی یەکتر و داپۆشینی خەوشەکانی یەکتر دروست بوون، یەکێک لەوان کاک (فاروق ڕەفیق) بوو کە تۆزێک بیرێکی جیاوازی هەبوو هەموویان پەلاماریانداو هێرشیان کردە سەری، هەتا کاک بەختیار لە چاوپێکەوتنێکی کوردساتدا من ئاگادارم وشەی فاشی بەرامبەر بەکارهێنا، کە من جورئەت ناکەم لە ژیانمدا بە هیچ کەسێک بڵێم فاشی، کە دڵنیاشم کاک فاروق کەسێکی فاشی نییە، هەموو دەزانین ئەو چەمکە چەند ناشایستەیە بەرامبەر کەسێکی ڕۆشنبیر بەکاری بهێنیت، لەبەر ئەوەی کاک فاروق ڕەفیق لە هیچ دەزگایەکی تۆتالیتاری یان میلیتاریدا کاری نەکردووە تا پێی بڵێی بیرێکی فاشی بڵاودەکاتەوە، کاک فاروق کەسێک

بووه هەمیشه ڕەخنەی لەدەسەڵاته کوردیەکان گرتووه و سەرکوتی دەسەڵاته کوردیەکانی کردووه له ڕێگای ئەو ڕۆشنبیریەی که هەیەتی. بەڵام من پێم سەیر بوو که کەسێکی وەکو کاک بەختیار پێی بڵێ کەسێکی فاشیه، له ڕوویەکی ترەوه حەزدەکەم باسی ئەو موتڵەقگەراییه بکەم که تۆ باست کردووه. گروپی ڕەهەند که خۆیان به خاوەنی عەقڵ دەزانن و بوونەته پۆلیسی ڕۆشنبیریی کوردی و کەس بۆی نییه قسه لەسەر هیچ مەسەلەیەکی فیکری بکات ئەوان نەبێت، هەر نموونەی کاک بەختیار بهێنینەوه. کاک بەختیار تا ئێستا ڕوانگەیەکی دیاریکراوی نییه که دەیەوێ قسه لەسەر چی بکات، له زۆر جیگا خۆی خستۆته ناو جیاوازی گەورە گەورەوە و له زۆر جێگا خۆی ڕەتدەکاتەوه هەتا نموونەی کاره ئەدەبیەکان و وتارەکانی بهێنینەوه، کاک بەختیار که وتار دەنووسێت ئەوەندەی باس له عەقڵ و عەقڵانیەت دەکات بڕوا ناکەم هیچ فەیلەسوفێکی عەقڵانیش ئەوەندەی کاک بەختیار باسی له عەقڵ کردبێت، بەڵام که تۆ ڕۆمانەکانی دەخوێنیتەوه دەبینیت بڕوای به قەدەر هەیە، واته وەکو جادوگەرێک دێت ڕۆمان دەنووسێت و هەمووشتێک له چارەی مرۆڤەکان نووسراوه و کەس تاوانبار نییه، هەمووی تاوانبارە و هەمووشی بەرێئه، ئەگەر سەرنج بدەین پاڵەوانی ڕۆمانەکانی پێیان دەڵێن ئەمه قەدەرە و تۆ لەچارەت نوسراوه بەو شێوه بمریت. واته لەلایەکەوە به عەقڵ ئیش دەکات لەلایەکی ترەوه وەک جادوگەرێک به قەدەرەوه دەمانبەستێتەوه، کاک بەختیار له ڕۆمانەکانیدا وەک ئەو ژنه قەرەجه جادوگەرە دەنووسێت، که کاک شێرکۆ له ڕۆمانه شیعری خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێکدا دەیهێنێت تا چارەنوسی مناڵەکەی بۆ بخوێنێتەوه.

*** سەبارەت به کێشەی کاک فارۆق و ڕەهەندیەکان تەنها ڕەهەندیەکان وەڵامی کاک فاروقیان نەداوەتەوه بەڵکو لێرە چەند کەسێکی تر وەڵامی کاک فاروقیان داوەتەوه، گوایه کاک فاروق کەوتۆته کۆمەڵێ هەڵەی فیکری گەورەوە تۆ پێتوایه کاک فاروق کەوتۆته هەڵەوه ئەگەر کەوتۆته هەڵەوه ئەو هەڵانه له کوێدان؟**

دەمەوێت ئەوە بڵێم: ڕەهەندیەکان پاشکۆیەکیان هەیە بەدوایانەوە و ئاشکرایه ئەمانه کێ پشتگیریان دەکات. وەک گوتم ئەمانه جگه له کۆمەڵێک دەرویێشی نەخوێندەوار و بێ ئاگا له دونیای نوسین، پاسەوانی تایبەتی خۆشیان له ناو دەزگاکاندا هەیە، بۆیه تۆ که قسه لەسەر کاک بەختیار دەکەیت، کاک بەختیار خۆی وەڵام ناداتەوه، به جارێ ده کەس وەڵامت دەداتەوه، ئەگەر له کوردستانیش بیت ئەوە پەڕوباڵت لەبن دەردەهێنن، تۆ ئاگات له کاک غەفور ساڵەح بوو چیان پێ گوت و چۆن وەڵامیان دایەوه؟، ئەمەش ئەنجامی گروپگەرایی و عەقلیەتی خێڵەکیه له ناو گروپی ڕەهەندا، که ڕەخنه قبوڵ ناکەن، که ئامادەنین گوێ لەبەرامبەرەکەیان بگرن و که ڕێگه نادەن ڕەخنه لێگیراوەکه وەڵام بداتەوه. بۆ دەبێ کاک فاروق کەوتبێته ناو هەڵەوه، هەموو کەسێک ئازادە چۆن بیر دەکاتەوه، خۆ ئەمان باس له ئازادی تاکەکەس دەکەن، بەڵام له هەمانکاتدا ڕێگه نادەن باس له ئازادی فیکر بکەن؟ ئایا کاک فاروق ڕەفیق بۆ دەبێ هەڵەبێ که به شێوەی ئایدیالی بیر بکاتەوه، له کاتێکدا چەند فەیلەسوفی ئایدیالیمان هەیە، چەندین فەیلەسوف هەبوون که خزمەتی ئایینی ئیسلامیان کردووه، با کاک فاروق وەکو ئیسلامیەکیش بیر بکاتەوه چۆن دەبێت پێی بڵێن هەڵەی، هەموو کەس ئازادە نەک هەر له بیرکردنەوەدا، بەڵکو له هەڵبژاردنی ڕێبازیشدا جا چ ڕێبازی سیاسی یا فکری بێت، بۆ دەبێت ئێمه مافی ئازادی و بیرکردنەوەی بەرامبەرەکانمان زەوت بکەین و وەک پۆلیس بکەوینه وێزەی بەرامبەرەکانمان و ڕێگەی نوسین و شێوازی نوسین و بیرکرنەوەیان بەسەردا بسەپێنین، کێ دەڵێت من هەڵەنیم، ئایا من دەتوانم قەناعەت به هەموو کەس بهێنم که ڕێبازەکەی من له هەموو ڕێبازێک ڕاسترە، تا بتوابم پێیان بڵێم ئێوه هەڵەن، بێگومان نەخێر. کاک بەختیار ڕێبازێکی خۆی هەیە و

خاوەن بیرکرنەوەیەکی تایبەتی خۆیەتی و کاک رێبین کاک مەریوان بۆ خۆیان خاوەنی جیهانبینی تایبەت بەخۆیانن. بۆیە مانای ئەوەنییە کە هەرکەس وەکو بەختیار عەلی بیری نەکردەوە پێی بڵێی ئەمە لە رێگە لادەرە، لە نێو دەزگای حزبیدا دەبێت، بەڵام لەناو دەزگای رۆشنبیریدا نابێت. چونکە دەزگای ڕۆشنبیریی ئەگەر بەراست دەزگای رۆشنبیریی بێت و پاشکۆی ئایدۆلۆژی هیچ حیزب و لایەنێک نەبێت، پڕ دەبێت لە دەنگ و رەنگی جیاواز، بۆیە من هەمیشە گومانم هەیە گرۆپی رەهەند پێش ئەوەی دەزگایەکی رۆشنبیری بن دەزگایەکی سیاسین و ئایدۆلۆژیەتێک لە پشتەوە دەیانجولێنێت. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم: کاتێک من ئەم قسانە دەکەم بەرگریکردن نییە لە کاک فاروق بەڵکو بەرگریکردنە لە راستی و من بۆ خۆم رەخنەشم لە کاک فاروق گرتووە.

*** تۆ پێتوایە ئەم گروپانە وەکو گروپێک خزمەت بە رۆشنبیری کوردی دەکەن وە خزمەتەکەیان لە چ ئاستێکدایە؟**

- دەتوانم بڵێم خزمەتیان کردووە و خزمەتێکی باشیشیان کردووە، بەڵام ناتوانم بگەمە ئەو قەناعەتەی هەموو شتێک لە دوای ئەمانەوەیە و ئەمان سەرچاوەی ئیلهام و مەعریفەن وەکو کاک رێبین لە کۆرێکی کاک بەختیاردا دەڵێت؛ (هەرکەسێک بیەوێت تێبگا دەبێت گوێ لە بەختیار عەلی بگرێت)، بەراستی من نامەوێت و نەمویستووە بەو شیوەیە تەماشایان بکەم و من نووسینی کاک بەختیار و نووسەرانی تریش بیناسم یان نەیناسم دەخوێنمەوەو رای خۆم هەیە لەسەر هەریەکێک لەمانە، بەڵام ئەوەی کە ئایا ئەمان بوبن بە عەقڵی ئینسانی کوردی، نەخێر، ئەمان بەراستی وێنەیەکی رۆشنبیریی وایان داوە بە رۆشنبیریی کوردی تا وەک قوتابخانەیەک خۆیان دەرخەن و خەڵکانی تر بچنە ناو ئەو قوتابخانەوە و لێوەی فێربن. ئەمەش لە نێرگسیەتی ئەم گروپەو خەڵەفاندنی گەنجەکانمان زیاتر هیچی تر نییە، لەبەر ئەوەی کاک بەختیارو گروپەکەی نەک لە ئاستی رۆشنبیری ئەوروپیدا بەڵکو لە ئاستی رۆشنبیری عەرەبی و فارسیشدا شتێکی تازەیان نەگوتووە، بەڵام بۆ رۆشنبیری ئێمەو کۆمەڵگای ئێمە شتێکی تازەیە، چونکە هێشتا کاتمان دەوێت تا لە زۆر شت هەیە تێبگەین.

*** ئێستای رۆشنبیری کوردی چۆن دەبینیت، پێتوایە رۆشنبیری ئێمە لە قەیراندایە، بۆیە نەیتوانیوە کار لە ریفۆرمی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتیدا بکات؟**

- پێش هەموو شتێک دەبێت ئێمە بزانین لە کۆمەڵگایەکی حزبیدا دەژین. حزب کۆمەڵگای ئێمەی کردووە بە بە ئۆردوگایەک بۆ خۆی و هیچ شتێک نابینیت بێ پەیوەندی بە حزبەوە، ئەگەر سەربەلایەنێک نەبیت ناتوانی بژیت، حزبەکانی ئێمە پێش هەموو شتێک خەڵکیان برسی کردووە، ئەگەر لەگەڵیدا نەبیت لە برساندا دەمریت، بۆیە ئەو کۆمەڵگایانەی برسین یا برسیکراون زۆر کەم ئاڵ و گۆریان بەسەردا دیت و ریفۆرم لە ناو ئەو جۆرە کۆمەڵگایاندا لە قسەیەکی بێ مانا زیاتر هیچی تر نییە. سەبارەت بە پەیوەندی رۆشنبیرانەوە ئەوانیش بوون یان کراون بە بەشێک لە میکانیزمی کارکردنی حیزب، من پێشتر قسەم لەسەر ئەو پەیوەندییە کرد، تۆ لە وولاتێکدا دەژیت، حیزب نانت بەرامبەر بە ئازادی پێ دەفرۆشێت، حیزب نانت ببرێت ماڵ و مناڵت لە برساندا دەمرێت، تۆ دەبێت لە نێوان ئازادی و ناندا یەکێکیان هەڵبژێریت، ئایا ئەمە هاوکێشەی کۆمەڵگای ئێمە بێت، چۆن دەتوانیت باس لە ریفۆرمی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بکەیت؟. لە روویەکی ترەوە حیزب کۆمەڵگای ئێمە بەرەو کۆمەڵگایەکی پۆلیسی دەبات وا بڕوات لە چەند ساڵی

داهاتوودا سەرتاپای کۆمەڵگا دەبیت بە پۆلیس، ئیتر لە کەش و هەوایەکی وادا ئێمە دەتوانین باس لە چ ریفۆرمێکی سیاسی بکەین؟. ئەی ئایا ئەمە بۆ خۆی قەیرانێکی گەورە نییە، کۆمەڵگای ئێمە بە رۆشنبیرو نا ڕۆشبیرەوە تیایدا دەژی؟.

***دوا پرسیارم لەسەر پڕۆژەکانتە دەتەوێت چی بکەیت؟**

- کە هاتمەوە بۆ کوردستان پڕۆژەی چاپکردنی چەند کتێبم هەبوو کە دوانیان کۆمەڵە وتارە، کۆمەڵە رەخنەیە و کۆمەڵە چیرۆک و کۆمەڵە شیعر کە ویستم چاپیان بکەم، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی لەم سەفەرەشدا چاپیان بکەم، بە هۆی ئەو کارەساتە ناخۆشەوە بە سەرماندا هات، ئەگەر بشپرسیت بۆ تا ئێستا چاپت نەکردوون؟ دەڵێم لەبەر ئەوەی من کەسێکی سەربەخۆم و پەیوەست نیم بە هیچ دەزگاو لایەنێکەوە، لە کۆمەڵگای ئێمەشدا هەر کەسێک سەربەخۆ بێت، دەبێت لە ناو واقیعی خۆیدا بمرێت .

**<u>تێبینی</u>**

ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارەکانی 144،145،146 ی ڕۆژنامەی جەماوەردا بڵاوکراوەتەوە